# هەرکەسێک لە دۆلکەیەک بخواتەوە کە لە ئاڵتون یان زیو دروستکرا بێت؛ لەڕاستیدا، لە ئاگری دۆزەخ هەڵدەقوڕێنێتە نێو سکیەوە

لە ئوم سەلەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک لە دۆلکەیەک (یان پەرداخێک) بخواتەوە کە لە ئاڵتون یان زیو دروستکرا بێت؛ لەڕاستیدا، لە ئاگری دۆزەخ هەڵدەقوڕێنێتە نێو سکیەوە». ولە گێڕانەوەیەکدا: ««هەرکەسێک لە قاپێک (دەفرێک) خواردن بخوات کە لە ئاڵتون یان زیو دروستکرا بێت؛ لەڕاستیدا، لە ئاگری دۆزەخ قوت دەداتە نێو سکیەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە هەڕەشەیەکی توندی تێدایە بۆ سەر ئەوانەی کە مەنجەڵ ودەفر وپەرداخ یان هەر کەرەستەیەکی تر خواردن وخواردنەوە بەکاردەهێنن کە بە ئاڵتون وزیو بۆیە کراوە وڕازێنراوەتەوە، وئەوەی ئەم تاوانە ئەنجام بدات ئەوا گوێی لە سزای دۆزەخ دەبێت لە ناو سکیدا کە دەنگێکی ترسێنەر ئەمیش بەهۆی خۆ چواندنی بە کافران وشانازی کردنەوە وشکاندنی دڵی هەژارەکان، وئیسلام مسوڵمان دەپارێزێت لە زیادەڕەوی کردن (ئیسراف کردن) ولادان بەرەو بێڕەوشتی وشتی پووچ، ولە حیکمەت وداناییش لە حەرامکردنیان ئەوەیە کە هەتا سەردەمێکی نزیک وەکو دراو بەکاردەهێنران بۆیە بەرکاهێنیان لە دروستکردن وبۆیە کردنی کەرەستەکانی خواردن وخواردنەوە لەخۆیدا زیانلێدانە لە جوڵەی بازرگانی، ویەکخستنی بەهای پێویستیەکانە بە بێ هەبوونی بەرژەوەندییەکی باش. وئەم نەهی کردنە لەم فەرموودەیە هەموو بەکارهێنانێکی تر دەگرێتەوە بۆ هەر سوودێکی تر، جگە لەوانە نەبێت کە شەریعەت ڕێگەی پێداوە وەکو خشڵی خۆڕازاندنەوە بۆ ئافرەتان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8365

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee